حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٥) لە ٢٠٢٣/٨/٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی بەندی (سێیەم) لە ماددەی (چوارەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢٣/٨/٩، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پەیڕەوی (سندوقی چاودێری و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی پەیڕەوەکە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران